

# ئافرەتان لە بەدیهێنانی ئاشتەواییدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن

ئەزموونەکانی جیهان سەلماندوویەتی کە ئافرەتان زیاتر لە پیاوان دژی شەڕ و توندوتیژین و بە رادەیەکی بەرچاویش دەکارن ڕێگە لە شەڕ و توندوتیژی بگرن و تەنانەت بۆ پرۆسەکانی ئاشتەوایی لە دوای شەڕیش، ئەگەرچی لە ئاستێکی دیاریکراویشدا بێت، بەشداریی کارای ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، بەڵام تا هەنووکە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخیان بەو هاوکێشانە نەداوە لەڕووی عەمەلییەوە هەنگاوی ئەوتۆیان بۆ هەڵنەگرتووە. ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئافرەتان لە هەیکەلی حزبی و لایەنە سیاسییەکاندا دەبیندرێن و لە ڕێکخراوەکانی حکومی و ناحکوومیدا چالاکییان هەیە و لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکاری وەك پەرلەمان و حکومەت بەشدارن، بەڵام زۆر پلانی پراکتیکی و کارساز بۆ بەشداری زیاتری ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا هەیە، کە پێویستە هەنگاوی بەپەلە و بە کردەیی بۆ هەڵبگرن. چالاکانی مەدەنیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە تایبەتمەندییەکان و ڕوانگەی دایکانەی ئافرەت، دەکرێت باشترین شارستانییەتی لەسەر بنیاد بنرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە ڕا و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان – کۆمەڵایەتی

ئیراد منوچر سان ئەحمەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کاتێك بیر لە جەنگ و قەیرانە چەکدارییەکان دەکرێتەوە، راستەوخۆ وەك شەڕەنگێز و خاوەنی هێز و توانا، وێنای تەقلیدیی سیمای پیاو دەکرێت، لە کاتێکدا وێنای دژی ئەمە وەرناگیرێت، کە ئەویش سیمای دڵنیایی و هاوکاری و گەڕانە بە دوای بنیادنانی ئاشتەواییە. لێرەدا ئەوەی مایەی نیگەرانییە و لە سەرجەم جیهاندا دەگوزەرێت و بەدیدەکرێت، ئەوەیە کە کاتێك کار دێتەسەر پرۆسەی ئاشتەوایی و بەشداریی ژن، زۆر جار پلەی ژن دادەبەزێندرێت بۆ پلەیەکی زۆر تەقلیدی لە رۆڵەکانی جێندەر و تواناکانی لەو پرۆسەیەدا پشتگوێ دەخرێت.» هاوکات دەڵێت: «پێش ئەوەی گفتوگۆ بکرێت لەسەر ئەم دۆزە کە چۆن رووبەڕووی ئەم بیرۆکە کرچ و کاڵە ببینەوە، بۆ دەمجکردن و گرتنەخۆی ژنان لە پرۆسەی بنیادنانی ئاشتیدا، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا ژنان لە واقیعدا لە بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری پشکیان هەیە؟» گوتیشی: «لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەوە خراوەتەڕوو کە دەمجکردنی ژنان لە رێککەوتننامەکانی ئاشتەواییدا بە رێژەی ٢٠٪ ئەگەری هەیە کە ئەو رێککەوتننامانە تا دوو ساڵ بەردەوام بێت، بە رێژەی لە ٣٥٪یش ئەگەری ئەوە هەیە کە تا ١٥ساڵ بەردەوام بێت. زۆر لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو دەوڵەتانەی ئاستی بەرزیان لە نایەکسانی جێندەری هەیە، زۆرتر لەبارن بۆ پشێوی ناوخۆیی، واتە هەتاکو ئاماژە پێدەرەکانی یەکسانی جێندەری بەهێز بن، پێشبینیکردن بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی لە وڵاتدا بەهێزتر دەبێت. لێکۆڵینەوەیەکی UN لەساڵی ٢٠١٢ ئەوەی خستووتەڕوو کە لە ٣١ پرۆسەی سەرەکیی ئاشتی لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠١١ ژنان تەنیا بە رێژەی ٤٪ لە تیمی ئیمزاکاران بوون، بە رێژەی ٢,٤٪ی ژنان لە ناو ناوبژیکەری گشتی بوون، بە رێژەی ٣,٧٪ شایەتحاڵ و ٩٪ لە دانوستکارەکانی ئاشتی بوون. لە توێژینەوەیەکی دیکە ئەوە خراوەتەڕوو لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠-٢٠١٠ تەنیا ١٦٪ لە رێککەوتننامەکانی ئاشتی لە جیهاندا پێشنیاری دیاریکراوی بۆ بەشداریی ژنان هەبووە. ئەمە لە کاتێکدا پیاو راستەوخۆ لە قەیرانەکانی چەکداری و سەربازی زۆرترین کوشتار ئەنجام دەدات، بەڵام ژن زۆرترینناڵاندنی دەبێت بە دەست کاریگەرییە ناڕاستەوخۆیەکانی جەنگ، وەك: بەزرترین رێژەی مردن تۆمار دەکات بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، توندوتیژیی خێزانی، دارمانی ئابووری، دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی. بەهۆی ئەم بەشبوونە لە قوربانیدان، زۆر جار دانوستانەکانی ئاشتەوایی ناتوانن هەڕەشەکانی دژ بە ژنان لەکاتی بەستنی پرۆسەکانی ئاشتی، کۆتایی پێ بهێنن. هەرچەندە ئەم نیگەرانییە نوێ نییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی زۆر بۆ پشتیوانیکردن لە برەودان بە بەشداریی ژن لە چالاکییەکانی بنیادنانی ئاشتی دراوە.»

ئیبراهیم مەندەلاوی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە لێکۆڵینەوە و هەواڵگری و زانستی تاوان و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئاستەکانی رۆڵی ئافرەت لە بەدیهێنانی ئاشتەوایی بەگشتی لە کومەڵگە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازەو بەپێی ئاستی پێشکەوتن و تێگەیشتن و پراکتیککردنی ماف و ئازادییەکانی تایبەت بە ئافرەتە، بەتایبەت پرسی ئاشتەوایی کە هەمیشە ئافرەت بەشێکی سەرەکیی قوربانییانە لە کاتی هەر ناکۆکی و ئاشوبێك، پێویستە بەشێکی کاریگەریش بێت لە چارەسەری، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئافرەت رۆڵێکی دیاری بە خۆی نەداوە، یان گونجاوترە بڵێین: پێی نەدراوە، لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەتایبەتی لە ناوچەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەگەر کوردستان بە نموونە وەربگرین، دەبینین ئەو دەرفەتە نەدراوە بە ئافرەتێك یان بەشێوەیەکی دی ئافرەت ئەو بەشە راستەقینەیەی خۆی لە سەر مێزی گفتوگۆ وەرنەگرتووە، کە بتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە هێورکردنەوەی دۆخی ئاڵۆز و بەدیهێنانی ئاشتەوایی بگێڕێ، کە دەکرا زۆر تایبەتمەندیی ئافرەت بە هەند وەربگیردرێت، چونکە ئافرەت لە رووی سرووشتەوە زیاتر نەرمونیانە و بە حوکمی دایکایەتی سۆز و جددییەتی لە پیاو زۆر زیاترە، ئەم فاکتەرانە و چەندین فاکتەری دیکەی ئافرەت دەتوانێت کەشێکی ئارام بڕەخسێنێ بۆ گفتوگۆ. ئێمەی خەڵکی کوردستان نموونەیەکی زیندوومان هەیە و بینیمان کە لە کاتی شەڕی ناوخۆ، ئافرەتێکی فەڕەنسی و دۆستی لەمێژینە و دڵسۆزی کورد بە ناوی دانیاڵ میتران رۆڵێکی باڵای بینی لە لێك نزیککردنی لایەنە کوردستانییەکان بۆ دانیشتن و گفتوگۆ و بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و ئاشوبی ناوخۆیی و بەدیهێنانی ئاشتەوایی و هەوڵەکانی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو.

**ئەگەر گرنگی بە بیروڕای ئافرەت بدرێت و نرخێکی پر بە پێستی خۆیانی پێ بدرێت، سەرەڕای پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی ناخ پڕ لە دادپەروەری و ئاشتیخواز، کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتووی پر لە ئاشتەواییش بونیاد دەنرێت**

**هەمیشە پاڵەوانی گۆڕانکاری، یان لانیکەم پاڵەوانی پشت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بەڵام لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی تا رادەیەکی زۆر ئافرەت کەمتر رۆڵی لە گۆڕانکارییەکان هەبووە**

**گومان لەوەدا نییە خێزان ناوک و کرۆکیی وزە و جووڵێنەری کومەڵگەیە و ئاستی گەشەی مەعریفی لە خێزانیشدا پەیوەندی بە رۆڵی دایکەوە هەیە.. ئۆگس کون گەورە فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی، خێزان بە رۆحی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و رووداوەکانی ئەژمار دەکات، لەم سۆنگەیەوە رۆڵی سەرەکی بەو کارەکتەرە دەسپێرێت کە ئەرکی پەروەردەکردن دەبینێت**



ئەوە نموونەیەکە کە ئەگەر کار لەسەر ئەو رۆڵدانە بە ئافرەت بکرێت لە کوردستان، ئافرەتی کوردیش دەتوانن هاوشێوەی خاتوو دانیاڵ رۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە بەدیهێنانی ئاشتەوایی وەك چۆن لە بوارەکانی دیکەش چەندین نموونەی پڕ شانازییان هەبووەك وەك رۆڵی پارێزگاریکردن و داکۆکیکردن لە مافی گەلەکەیان شان بە شانی پیاوانی کورد بە درێژایی شۆڕش و بەرخۆدانەکان».

ئیریڤان ئەکرەم چالاکی مەدەنییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەت هێمای جوولە و هێزە و ئەگەر رێگە بە رۆڵبینینی بدرێت و ئاستەنگی بۆ دروست نەکرێت، لە هیچ کومەڵگەیەکیش بەبێ بوونی ئازادیی ئافرەت، ئازادی و گەشەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر نابێت.» هاوکات دەڵێت: «گومان لەوەدا نییە خێزان ناوك و کرۆکیی وزە و جووڵێنەری کومەڵگەیە و ئاستی گەشەی مەعریفی لە خێزانیشدا پەیوەندی بە رۆڵی دایکەوە هەیە. ئوگس کون گەورە فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی، خێزان بە رۆحی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و رووداوەکانی ئەژمار دەکات، لەم سۆنگەیەوە رۆڵی سەرەکی بەو کارەکتەرە دەسپێرێت کە ئەرکی پەروەردەکردن دەبینێت. واتە ئافرەت هەمیشە پاڵەوانی گۆڕانکاری، یان لانیکەم پاڵەوانی پشت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بەڵام لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی تا رادەیەکی زۆر ئافرەت کەمتر رۆڵی لە گۆڕانکارییەکان هەبووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەت بێ پێگە و وجوود بووە لە هەموو روویەکەوە، بەڵکو لە زۆر بوار رۆڵی بەرچاوی هەبووە، ئاشتەوایی خودی ئەو خێزانەی کە ئافرەت تیایدا پەروەردەکەرە، لە هەموو روویەك کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە گشتییەکە و ژینگەی دەوروبەری هەبووە، بەتایبەت ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی. ئەگەر سەیری هەر پیاوێکی دادپەروەر و خۆشبەخت و سەرکەوتوو بکەین، بێگومان ئەگەر بە دوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێین، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئافرەتێکی ژیر و میهرەبان و ئاشتیخوازی لە پشتە کە هەمیشە و کوشش دەکات لە پێناو ئارامی و خوشگوزەرانی خێزان و دەوروبەرەکەشی بەگشتی؛ بۆیە من لەو بڕوایەدام ئەگەر گرنگی بە بیر و رای ئافرەت بدرێت و نرخێکی پر بە پێستی خۆیانی پێ بدرێت، سەرەڕای پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی ناخ پڕ لە دادپەروەری و ئاشتیخواز، کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتووی پر لە ئاشتەوابیش بونیاد دەنرێت، بەم شێوەیە نەوە لە دوای نەوە بە ئاشتەواییەکی پر لە ئارامی و بەڕێوەبردنێکی پر لە دادپەروەری هەنگاوەکانی بو بەرەو باشتربوون دەهاوێژێت.

**دەکرا زۆر تایبەتمەندیی ئافرەت بە هەند وەربگیردرێت، چونکە ئافرەت لە رووی سرووشتەوە زیاتر نەرمونیانە و بە حوکمی دایکایەتی سۆز و جددییەتی لە پیاو زۆر زیاترە**

**ئافرەت ئەو بەشە راستەقینەیەی خۆی لە سەر مێزی گفتوگۆ وەرنەگرتووە، کە بتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە هێورکردنەوەی دۆخی ئاڵۆز و بەدیهێنانی ئاشتەوایی بگێڕێ**

# داوای ئاشتکردنەوەی گەنج لەگەڵ رەهەندە نیشتمانییەکان دەکرێت

گەنج و لاو، توێژێکی گرینگ و کاریگەری هەر وڵاتێکن و رۆڵی زۆر بەرچاویشیان لە پێشکەوتنی وڵاتی خۆیاندا هەیە. بەپێی پێوەرە دیمۆگرافیەکان بێت توێژی گەنجان زۆرترین رێژەی کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن، پرسیار ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم توێژە کە بزوێنەری گەشەی هەر کۆمەڵگەیەکە ئاواتەکانیان بێنینەدی و هاوکات هزری نەتەوەیی و ئینتیمای نیشتمانییان بەهێزتر بکەین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان رای خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

■ گوڵان – کۆمەڵایەتی



کـەژان محەمـەد کەریـم، ئەندامـی یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتانە و رایوایـە: «هەمـوو ڕێکخراوێـك پێویسـتی بـە نوێبوونـەوە و کاری جیـاواز هەیە و بەپێی قۆناغ و کاتی جیاوازیش بەرنامەڕێژی بـۆ کاروچالاکییەکانـی دەکات، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت خزمەتـی باشـتری هەمـوو توێژەکانـی کۆمەڵگـەی خۆی بکات، بەتایبەتی لاون کە کۆڵەگەی سەرەکیی هـەر کۆمەڵگەیەکـن.» هـاوکات دەڵێـت: «یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك هەمـوو ڕێکخراوێـك بـەدەر نییـە لـەو پێویسـتییە گەورەیـە کـە نوێبوونەوەیـە بـۆ خزمەتکردنـی زیاتـر، بۆیـە بڕیاریـش درا ئـەم کۆنگرەیـەی لاوان، کۆنگـرەی نوێبوونـەوە بێـت و لـە ژێـر نـاوی کۆنگـرەی پێشـمەرگەدا بەڕێوەچـوو، هەتـا ڕێـز لـە سـەروەرییەکانی پێشـمەرگە و فیداکارییەکانـی بگرێـت.» هـەر سـەبارەت بـە کۆنگرەکـە زیاتـر گوتـی: «بەپێـی ئـەو مەرجانـەی کـە دانرابـوون بـۆ پاڵێـوراوان، کۆمەڵێـك گەنجـی زۆر بەتوانـا و ئەکادیمـی کاندیـد بـوون و لـە ناویانـدا دەسـتەیەك هەڵبژێـردرا کـە توانییـان دەنگـی زۆرینـەی ئەندامانـی کۆنگـرە بەدەسـت بهێنـن. جوانییەکـی دیکـەی ئـەم دەسـتەیە ئەوەیـە کـە ئەندامانـی دەسـتەکە نوێنـەری سـەرجەم ناوچـە جیاوازەکانـی هەرێمـی تێدایـە.» گوتیشـی: «لاوانـی بەشـداربووی کۆنگـرە چەندیـن داواکاری جیاوازیـان هەبـوو، لـە هەمـووی گرینگتـر لاوان داواکار بـوون کـە دەسـتەی نوێـی لاوان ئاشـتەوایی لـە نێـوان لاوانـی هەرێمـی کوردسـتان و حکومـەت دروسـت بکـەن و هەلـی کاری زیاتـر بـۆ لاوان بڕەخسـێت بـۆ ئـەوەی بتوانـن توانـا و بەهرەکانیـان بخەنـەڕوو و پـەرەی پـێ بـدەن. ئەرکـی سـەرەکیی لاوانـی سـەرکردە ئەوەیـە کـە گەنـج و لاوی کوردسـتان لەگـەڵ پرسـە نیشـتمانییەکان گـرێ بدەنـەوە و دەبێـت بـەدەر لـە کـۆڕ و سـمینار و کۆبوونـەوەکان ڕێگـەی جۆراوجـۆری دیکـە و چالاکیـی زیاتـر و نوێتـر بهێنرێتـە نێـو بەرنامەکانـی لاوان هەتـا ئینتیمـای نیشـتمانی بەهێزتـر بکرێـت».

دەریـاز عەلـی گوانـی، کارگێـڕی ناوەنـدی بـالای یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـۆران، سـەرەتا هێمـا بـۆ ئـەوە دەکات کـە «یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە بڕیارێکـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لـە کۆنگـرەی سێیەمـی پارتیـدا، دامەزراندنـی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە (١٨) ی شـوباتی سـاڵی (١٩٥٣) ڕاگەیەنـدراو لـەو مێژووەدا یەکـەم کۆنگـرەی خۆیـان سـازدا.» هـاوکات دەڵێـت: «ڕێکخـراوی یەکێتـی لاوان لـە قۆناغێکـی سـەختی مێژوویـدا لەدایـك بـووە، ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە خەباتـی سیاسـی و مەدەنـی لـە مێـژووی کوردایەتیـدا و لـە قۆناغـە سـەختەکانی خەباتـی شاخیشـدا داینەمـۆی چالاکییەکانـی نـاو شـار بـووە، هـەر لـەو کاتـەوە هەتـا ئێسـتا قوتابخانـەی پێگەیاندنـی هـەزاران لاوی نیشـتمانپارێز و نشـتمانپەروەر و چەندەهـا کادیـری بەتوانـای دروسـتکردووە. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەمیشـە زۆرتریـن ئومێـدی لەسـەر توانـا و لێهاتوویـی کادیرانـی یەکێتـی لاوان هەڵچنیـوە، لـە خەباتـی مەدەنـی و شاریشـدا یەکێتـی لاوان پشـکی شـێری بەرکەوتـووە لـە چاندنـی بیـری نیشـتمانی و خزمەتکردنـی لاوان، بێشـك ئەنجامدانـی کۆنگـرەو گۆڕانـکاری گڕوتینـی زیاتـر دەبەخشـێت بـە هەمـوو ئۆرگانـەکان، گۆڕانـکاری لـە یەکێتـی لاوانیـش دەمێکـە کاتـی هاتبـوو، بـەڵام بـە هـۆی هەلومەرجـی ناوچەکـە و کوردسـتان کۆنگـرەی لاوان دواکـەوت، کـە دەبوایـە سـاڵی ٢٠١٣ سـاز بکرابایە، بەڵام کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی لاوان کە لـە ژێـر نـاوی «کۆنگـرەی پێشـمەرگە» بەڕێوەچـوو، هـەم لـە بـەر پیـرۆزی ناوەکـەی، هەمیـش بـە هـۆی ئامادەبوونـی جەنابـی سـەرۆك بارزانـی زۆر ئومێدبەخش و سـەرکەوتوو بـوو، سـەرکەوتنی کۆنگـرە و دەرچوونـی سـتافێك بـە مانـای کەلیمـە لاو، نەشـونمای زیاتـر بـە ڕێکخراوەکـە دەبەخشـێت، کـە جێگای دڵخۆشـیی گشـت لاوانـە، لـە داهاتـوودا یەکێتـی لاوان زیاتـر لـە جاران بـە گڕوتینێکـی زۆرتـرەوە داکۆکـی لـە مافـی لاوان دەکات و کار بـۆ چەسـپاندنی بیـری نیشـتمانپەروەری لـە لای لاوان دەکات، کـە لـەم قۆناغـەدا ئێمـە زیاتـر لـە هەمـوو شـتێك پێویسـتمان بـەو سـەرمایە هەیـە.»

هێمـن شـێخ زادە نووسـەریکی گەنجـە و ئەویـش سـەرەتا باسـی ئـەوە دەکات کـە «یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان، لەبەرگێکـی نوێـدا هەشـتەمین کۆنگـرەی خـۆی بـە نـاوی کۆنگـرەی پێشـمەرگە بـە سـەرکەوتوویی کۆتایـی پـێ هێنـاو پێویسـتە لەسـەر یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەمـوو تواناکانی خۆیـان بخەنەگـەڕ بـۆ بنیادنانـی داهاتوویەکـی گـەش و سـەرکەوتوو بـۆ لاوان لەنـاو کۆمەڵگـە و دامـودەزگا حزبـی و حکوومییەکانـدا.» گوتیشـی: «لاوان هێزێکـی لەبـن ناهاتـووی نـاو کۆمەڵگـەن و دەبێـت باوڕیـان بـە توانـا و لێهاتوویـی خۆیـان هەبێـت، چونکـە هیـچ هێزێـك لـە هێـزی لاوان بەهێزتـر نییـە، بـە مەرجێـك لەسـەر بنەمایەکـی دروسـت کارا بکرێـن و لێیـان گەڕێـن هەتـا ڕۆڵـی راسـتەقینەی خۆیـان ببینـن. هەروەهـا گرنگیـدان بـە چینـی لاوان سـیما و خاسـیەت و تایبەتمەندێتیـی کۆمەڵگـەی پێشـکەوتووە بـۆ ئایندەیەکـی گـەش و سـەرکەوتوو، بۆیـە گرنگیـدان بـەلاوان، گرنگیدانـە بـەو جیهانـەی کە بە هزر و بازوو و داهێنانی لاوان دروست دەکرێت. لاوان بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە و وڵاتێکی سـەرکەوتوو دادەنرێـن لـە گشـت پیشـە و ئەرکەکانیانـدا،

بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی کورد ئەوەندەی گەنجیان لە دژی یەکتری و دارِشتنی فیکری ئیرهابی و رق و کینە بەرامبەر بە لایەنێکی سیاسی هان داوە، ئەوەندە کاری لە سەر گرنگی و گەورەیی نیشتمان نەکردووە

هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ رکابەرێتی و بەربەرەکانێ و ململانێی پۆزەتیڤ و بونیادنەرانە پێش نەکەوتووە و پێش ناکەوێت

ژیان و کولتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی ئەو تێگەیشتنە سیاسی و هەستکردن بە گیانی بەرپرسایەتی و یەکتر قبووڵکردن و سەروەری نیشتمانییەی بە شێوەیەک نەختسووەتە دڵی چینی گەنج و بەراود لەگەڵ کۆمەڵگەی گەلانی پێشکەوتوو کاری لەسەر نەکراوە

لە گشت ساتەوەختەکانیشدا دەبێت هەمەڕەنگی لە بیر و را و بۆچوون، رکابەری لە هەڵبژاردنی سیاسی و فیکری و مەعنەوی و ئازادی لە بڕیاردان بایەخی پێ بدرێت، لە هەموو دۆخێکیشدا پێویستە لاوان لە پێناو سەروەریی نیشتماندا هەمیشە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن».

ئەو نووسەرە گەنجە، رایوایە: «زروورەتی کاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەبێت کارکردن بێت لەسەر سەروەریی خاك و رەهەندە نیشتمانییەکان، بە شێوەیەك کە گشت تاکێکی کۆمەڵگە هەست بە بەرپرسیاریەتی لەو بوارەدا بکات. یەکێتی لاوانی دەبێت کاربکەن بۆ پێگەیاندنی لاوانی رۆشنبیر و پێشکەوتوو، دەبێت بایەخی جددی بدەن بە هزری لاوان لە رووی سەروەریی خاك و نیشتمان، چونکە لە هەموو یاسا و رێسایەکی جیهانیدا پاراستن و بەرژەوەندیی نیشتمانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە دێت. یەکێتی لاوان دەبێت کاربکەن لەسەر هزی لاوان هەتا تاك بە تاکی کۆمەڵگە بەوە ئاشنا بکەن کە ئازدیی نیشتمان بە خوێنی هەزاران لاوی فیداکار بەدەست هاتووە و دەبێت هەمیشە هێزی پێشمەرگە و ماندووبونی پێشمەرگەمان لەبەرچاو بێت، تاکو زیاتر دڵیان بۆ خۆشەویستی نیشتمان بکرێتەوە. لاوان رکابەرێتیی ئەرێنییانە بە مەرجی پێشکەوتن دەزانن، دیارە هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ رکابەرێتی و بەربەرەکانێ و ململانێی پۆزەتیڤ و بونیادنەرانە پێش نەکەوتووە و پێش ناکەوێت. بیر و رای جیاوازیش لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی لە ناو گشت چین و توێژەکاندا جیاوازە و هەریەکەو باوەڕ و عەقیدەیەکی هەیە و بۆ ئامانجێك تێدەکۆشێت و پەیڕەو و پڕۆگرامی لایەنێکی سیاسی لاپەسەندە، بەڵام ژیان و کولتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی ئەو تێگەیشتنە سیاسی و هەستکردن بە گیانی بەرپرسایەتی و یەکتر قبووڵکردن و سەروەریی نیشتمانییەی بە شێوەیەك نەخستووەتە دڵی چینی گەنج و بەراود لەگەڵ کۆمەڵگەی گەلانی پێشکەوتوو کاری لەسەر نەکراوە، چونکە بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی کورد ئەوەندەی گەنجیان لە دژی یەکتری و دارشتنی فیکری ئیرهابی و رق و کینە بەرامبەر بە لایەنێکی سیاسی هان داوە، ئەوەندە کاری لە سەر گرنگی و گەورەیی نیشتمان نەکردووە. تەمەنی گەنج لەبارە بۆ هەموو ئەرکێك کە پێی بسپێردرێت، بۆیە گەنج بە رەمزی سەرکەوتن و شکستەکانی وڵات دادەنرێت. نموونەی جوانی گەنج، پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بوون لە شەڕی دژی داعش کە خوێنی کوردی باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای لە یەك سەنگەردا تێکەڵ بە خوێنی یەکتری کرد و گشتیان وەك شورەیەکی پۆڵایین بۆ ئامانجێك تێدەکۆشان، ئەویش پاراستنی نیشتمان بوو».

کەلسوم گەزنەیی، توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «بەپێی هەموو پێوەرەکانی زانستی کۆمەڵناسی، گەنج داینەمۆی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەر کۆمەڵگایەکە، بۆیە دواکەوتن و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك بەندە بە گەنج و پەیوەندیی راستەوخۆشی بە جۆری پەروەردەکردنیەوە هەیە.» ئەو توێژەرە رایوایە: «گەنجی کورد لە ساڵانی شەستەکان گەنجی نیشتمانی و ناسیۆنالیستی بوو، بۆ ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەی خەباتی دەکرد، بەڵام بەداخەوە لەدوای راپەڕینەوە گەنج بە حزبی و ئایینی کرا، ئەوەش تا رادەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەی دووری خستەوە. هاوکات دەڵێت: «زۆر پیویستە بۆ ئاشتکردنەوەی گەنج بە نیشتمان و نەتەوەکەی بەرنامەو پڕۆگرامی کارکردنی حزبەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێت و پێداچووەنەوەی پێدا بکرێت. حزبەکان لە بری حزبایەتی پێویستە رۆحی نەتەوەیی لە ناخی گەنج و لاودا بنیاد بنێن و گەنج بۆ کاری دەوڵەتداری و سیاسی ئامادە بکەن، لە وڵاتانی دنیادا گەنج مەنهەجی پەروەردەیی هەیە، بۆ بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری، گەنج پێویستی بە وەلانانی ململانێیە حزبایەتییەکان و سەروەریی یاسا و نەهێشتنی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەگەر بەرەوپێشچوونی گەنج لەسەر تواناو لێهاتوویی و کارامەیی بێت و کاری بۆ بکرێت، دەتوانن گۆڕانکاریی بونیادنەرانە دروست بکەن، نەک تەنیا منداڵی بنەماڵە و ئاغاو میر و بەگەکان گرنگییان پێ بدرێت و هەڕەمەکی بیانهێننە پێشەوە، بەڵکو دەبێت پێوەرە هەبێت بۆ بەشداریکردنی گەنج لە پرسە سیاسی و حکوومی و ناوەندەکانی بڕیاردان. نەبوونی ئەو پێوەرە وایکردووە بەداخەوە زۆربەی گەنجی دوای راپەڕین گەنجێکی یاخی لە نیشتمان و ئینتیمای نەتەوەیی بێت، ئەوەش بێگومان بە هۆی خراپیی ئەو ژینگە نالەبارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بووە کە هەرێمی کوردستان تێیدا گوزەر دەکات، ئەو بارودۆخە گەنجێکی یاخی بەرهەم هێناوە، گەنجیك کە وا بیربکاتەوە و بڵێ: جێهێشتنی نیشتمان ئەرکیکی ئەخلاقی و نەتەوەییە! بۆیە پێویستە ئەو رێکخراوانە داخوازییەکانی گەنج بەدیبهێنن کە خوشگوزەرانییە، نەك ئەو رێکخراوانە ببنە ئامرازیك بۆ چەند کەسانێك کە پێی بگەنە پۆست و ئیمتیازات لە سەر حیسابی گەنجانی دیکە».

دەبێت هەمەڕەنگی لە بیر و را و بۆچوون، رکابەری لە هەڵبژاردنی سیاسی و فیکری و مەعنەوی و ئازادی لە بڕیاردان بایەخی پێ بدرێت، لە هەموو دۆخێکیشدا پێویستە لاوان لە پێناو سەروەریی نیشتماندا هەمیشە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن

گرنگیدان بە چینی لاوان سیما و خاسیەت و تایبەتمەندێتیی کۆمەڵگەی پێشکەوتووە بۆ ئایندەیەکی گەش و سەرکەوتوو، بۆیە گرنگیدان بەلاوان، گرنگیدانە بەو جیهانەی کە بە هزر و بازوو و داهێنانی لاوان دروست دەکرێت

لاوان هێزێکی لەبن نەهاتووی ناو کۆمەڵگەن و دەبێت باوڕیان بە توانا و لێهاتوویی خۆیان هەبێت، چونکە هیچ هێزێك لە هێزی لاوان بەهێزتر نییە، بە مەرجێك لەسەر بنەمایەکی دروست کارا بکرێن و لێیان گەڕێن هەتا رۆڵی راستەقینەی خۆیان ببینن